# ( ڕستەسازی )

## لیستی سەرچاوەکان:


- ساجیدە عبداللە فرهادی ( ٢٠١٣ )، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ئەورەحمانی حاجی مارف( ١٩٨٧ )، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم وشەسازی ، دەزگای رۆشنبیری و بلاْوکردنەوەی کوردی.

- رفیق شوانی ( ٢٠٠١ ) ، چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی ، دەزگای موکریان.

- محمد محوی ( ٢٠٠١ ) رستەسازی کوردی ، زانکۆی سلێمانی – سلێمانی.

-نەسرین فخری ( ٢٠٠٢ ) ، رستە و چەمکی رستە بەگشتی و بەتایبە تمەندیەکانی لە زمانی کوردی دا ، بەغداد.

-عبدالواحید مشیر دزەیی ( ٢٠١٣ ) رستەسازی رۆنانکاری و گوێزانەوە ، ناوەندی ئاوێر –هەولێر.

-دیار علی کمال ( ٢٠٠٢ ) ، رێزمانی کوردی لە روانگەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر

ئاواز حمە سەدیق/ ریزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردییدا/ نامەی ماستەر/ کۆلێجی ئاداب/ زانکۆی سەلاْحەدین/ هەولێر/ ١٩٩٦.

ئەحمەد حەسەن فەتحوللاْ/ بکەر وەك بە شێکی سەرەکی ڕستە لە زمانی کوردیدا/ نامەی ماستەر/ کۆلێجی ئاداب/ زانکۆی سەلاْحەدین/ هەولێر/ ١٩٩٠.

- حاتەم وەلیا محەمەد/ فرێزی ناوی وفرێزی کاری لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا/ نامەی ماستەر/ کۆلێجی زمان/ زانکۆی سلێمانی/ ٢٠٠٠.

خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو/ بەرکار لە زمانی کوردیدا/ چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری/ هەولێر/ ٢٠٠٨.

رەفیق محەمەد محێدین شوانی/ ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا/ نامەی دکتۆرا/ کۆلێجی پەروەردە– ئیبن روشد/ زانکۆی بەغدا/ ١٩٩٧.

-ساجیدە عەبدوللاْ فەرهادی/ ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی/ نامەی ماستەر/ کۆلێجی ئاداب/ زانکۆی سەلاْحەدین/ هەولێر/ ١٩٩٤.

- ساجدە عەبدوللا فەرهادی/ ڕستەو پاش ڕستە –تێروانینێکی ئەرکی/ نامەی دکتۆرا/ کۆلێجی ئاداب/ زانکۆی سەلاْحەدین/ هەولێر/ ٢٠٠٣.

- شلێر ڕەسووڵ محەمەد بەرزنجی/ ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا/ نامەی ماستەر/ کۆلێجی ئاداب/ زانکۆی سەلاْحەدین/ هەولێر/ ١٩٨٩.

- شلێر ڕەسووڵ محەمەد بەرزنجی/ یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا / نامەی دکتۆرا/ کۆلێجی ئاداب/ زانکۆی سەلاْحەدین/ هەولێر/ ٢٠٠٤.

- تاڵیب حوسێن عەلی/ هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا/ نامەی دکتۆرا/ کۆلێجی ئاداب/ زانکۆی سەلاْحەدین/ هەولێر/ ١٩٩٨.

-عەبدوللاْ حوسێن ڕەسووڵ/ ناکردن لە کوردیدا / نامەی ماستەر/ کۆلێجی ئاداب/ زانکۆی سەلاْحەدین/ هەولێر/ ١٩٩١.

– عەبدوللاْ حوسێن ڕەسووڵ/ پوختەیەکی وردی رستەسازی کوردی/ کتێبی گیرفان/ وەزارەتی رۆشنبیری/ هەولێر/ ٢٠٠٥.

**بەشی زمانی کوردی.کۆلێژی زمان . زانکۆی سەلاحەددین**

**بابەت : ڕستەسازی .پەرتووکی کۆرس – دیبلۆم- کۆرسی دووەم**

**ناوی مامۆستا : د. ساکار ئەنوەر حەمید        ساڵی خوێندن: 2024\2023**

**بابەتەکانی ڕستەسازی  قۆناغی دبلۆم / بەشی کوردی**

**هەفتەی  ١ /ڕستەسازی /چەمك و پێناسەی ڕستە -لقەکانی ڕستەسازی – ئەرکەکانی ڕستە/ جۆرەکانی ڕستە لەرووی ئەرکەوە ڕستەی هەوالگەیاندن ، ڕستەی سەرسورمان ، فەرماندن ........ هتد**

**هەفتەی  ٢ /  پۆلینکردنی ڕستە لەرووی رۆنانەوە – رستەی سادە – رستەی لیگدراو و جۆرەکانی رستەی لیکدراو**

**هەفتەی  ٣ /  ڕستەی ئاڵۆز جۆرەکانی پارستە - کەرةسەر پێکهێنەرەکانی ڕستە-  کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە ڕستەی بکەر دیار و بکەر نادیار**

**هەفتەی  ٤  / بەرکاری ڕاستەوخۆ تەواو کە ر-کەرەسە ناسەرەکییەکانی بەرکاری ناڕاستەوخۆ- ئاوڵگوزارە – سە ربار**

**هەفتەی  ٥ /  ڕێزمانی سەرەوە وە ڕوونانی ژێرەوەی ڕستە**

**هەفتەی  ٦ /  یاساکانی گوێزانەوە -  یاسا بەکورتییەکانی گوێزانەوە**

**هەفتەی  ٧ /  یاسا بە ئارەزووەکانی گوێزانەوە -  چەمک و پێناسەی گرێ**

**هەفتەی  ٨ /  تایبەتییەکانی گرێ -  گرێ لە ڕووی پێکهاتنەوە**

**هەفتەی  ٩ /  جۆرەکانی گرێی ناوی - دیارخەری پێش سەرە -  دیارخە ری دوای سەرە**

**هەفتەی  ١٠ /  گرێی کاری - تایبەتییەکانی گرێی کاری-  گرێی بەند**

**هەفتەی  ١١ / تایبەتەکانی گرێی بەند -پێکهاتەی گرێی بەند-  گرێی ئاوە ڵناوی-  گرێی ئاوە ڵکاری**

**هەفتەی ١٢ /  تاقیکردنەوە**

## ڕستەسازی

چەمکی سینتاکس:سینتاکس وشەیەکی یۆنانییە لە دوو بەشی(Syn)واتای پێکەوە و (Taxis بە واتە ڕێکخستن و دانان دێت پێکهاتووە

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

## پێناسەی ڕستەسازی (سینتاکس)

ڕستەسازی لقێکی ڕێزمانە ئەرکی گرنگی ڕێکخستني وشەکانی لەناو ڕوونانێکی گەورەتردا بە تایبەتی لە چوارچێوەی ڕستەدا کە هاوتایە لەگەڵ تاوتوێکردنی پێکهاتەو ڕونانی

**ڕستە :** یەکەیەکی سەرەکی و بنچینەییە کە ڕێزمان گرنگی پێ دەدات و خۆی پێوە خەریک دەکات چونکەکاری ڕێزمانەدەستنیشانکردنی پێکهێنەرەکانی ڕستەوچۆنیەتی کارلە یکتری کردنیان وڕێزبوونیان دەکات.

**ڕستە:** کۆمەڵە وشەیەکە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕیز دەکرێن و هەموویان بە سەر یەکەوە واتایەک تەواو دەبەخشێت

**ڕستە:** زنجیرە وشەیەکی بیرۆکەیەکی تەواو دەردەخات

**ڕستە** : ئەو ئاخاوتنەیە کە کاری تێدایە و واتای تەواو دەبەخشێ

**ڕستە :** بریتییە لە ڕەگی کارو پێویستیەکانی

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

## لقەکانی ڕستەسازی

**١-ڕستەسازی مێژوویی**:یەکێکە لەلقەکانی ڕستەسازی باسی پەرەسەندنی ڕستە بەدرێژایی مێژوو دەکات

**٢- ڕستەسازی بەراوردی :** یەکێکە لە لقەکانی ڕستەسازی،کە ڕستەی زمانێک لەگەل زمانێکی تر بەراورد دەکات.وەک بەراوردکردنی ڕستەی زمانی کوردی لەگەڵ ڕستەی زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی یان-- هتد .

٣- ڕستەسازی گشتی: ئەمەشیان لقێکی تری ڕستەسازی یە بە شێوەیەکی گشتی و بێ ئاماژەدان بە هیچ زمانێک باسی ڕستەو لایەنەکانی ڕستە لە زماندا دەکا بە گشتی

٤- ڕستەسازی تایبەتی : ئەمەش یەکێکی ترە لە لقەکانی ڕستەسازی ئەمەیان باسی لایەنەکانی ڕستە لە زمانێکی دیاریکراو دەکات .

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## جۆرەکانی ڕستەسازی لە ڕووی ئەرک و واتاوە

## ئەرکانی ڕستەسازی

هەندێک لە ڕێزمانە نووسە دێرینەکان سێ جۆر ڕستەیان لە ڕووی ئەرکەوە دەستیشان کردووە لەوانە (ڕستەی هەواڵ و ڕستەی پرس و ڕستەی فرمانی) هەندێک تریشیان بە گشتی چوارجۆریان جیاکردۆتەوە ئەویش (ڕستەی هەواڵ گەیاندن وڕستەی فەرمان وڕستەی پرس وڕستەی سەرسوڕمان) لەم ساڵانەی دواییدازۆربەی زمانەوانەکان دێکەن بەحەوت جۆر وهەندێکی ترزیاتر فراوانیان کردووەباس لەجۆری تردەکەن جگە لەم جۆرانە بۆیە هەوڵ دەدەین لەخوارەوە هەندێ لەم جۆرانە بخەینە ڕوو.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## ١- ڕستەی زانیاری و هەواڵ گەیاندن

لەم جۆرەیاندا قسەکەر سەرچاوەی زانیارییەو و زانیارییەکانی دەدات بە گوێگر و گوێگریش هیچ کاردانەوەی نابێت تەنیا زانیارییەکەی پێ دەگات.جۆرەکانی تری ڕستە لەم جۆرەیان دادەڕێژرێت. لەم جۆرەیاندا بە زۆری(بکەر)دەکەوێتە سەرەتای ڕستە وەک.

میوانەکان دوێنێ گەیشتن.

قوتابییەکی زۆر لە گۆڕەپانی قوتابخانە هەڵپەرکێیان دەکرد.

ئازاد دوێنێ مووچەکەی وەرگرت

## ٢- ڕستەی پرسیار (پرس)

مەبەست لەم پرسیارکردنە بە دەست هێنانی زانیارییە لە ڕستەی پرسدا گوێگر بە سەرچاوەی زانیاری دادەنرێت چونکە قسەکەر زانیاری لانییە و بە هۆی پرسیارکردنەوە دەیەوێت ئەو زانیارییانەی بە دەست بهێنێ. لەم جۆرە ڕستانەش دا نیشانەی (پرس) لە کۆتایی ڕستەکە دادەنرێت وشەی پرسیش لە نێو ڕستەکەدا بەکار دێ هەروەها ڕستەی پرس دەتوانێ بڵێین لەسەر بنەمای نەزانین دامەزراوە بۆیە ڕاستی و هەڵەی تێدا نییە وەک.

ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟

ئەمڕۆ چەندی مانگە ؟

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

## جۆرەکانی ڕستەی پرسیاری

ڕستەی پرسیاری لە ڕووی شێوە و پێکهاتنەوە بە گشتی بە دوو جۆر دروست دەبێت ئەوانیش

١- بە هۆی هێز ٢- بە هۆی ئامراز

### ١- پرسیار کردن بە هۆی هێزەوە (بەبەکارهێنانی ئاواز)

ئەم جۆرە پرسیاری گشتی و پرسیاری ڕستەییشی پێ دەوترێت لە پرسیاری گشتیدا هیچ ئامرازێکی پرسکردن لە ڕستەکە دابەکار نایە ت بەڵکو بەهۆی هێزەوە دروست دەبێت واتە بە گۆڕینی ئاوازی دەنگمان دەتوانین ڕستەی پرسیاری دروست بکەین. بەگشتی دەتوانین بڵێین هەموو ڕستەیەکی هەواڵی بە گۆڕینە ئاوازەکەی دەبێتە ڕستەیەکی پرسیاری وەکو.

دیلان بەیەکەم دەرچووە------- هەواڵ گەیاندن

دیلان بەیەکەم دەرچووە؟ پرسیار کردنە

قوتابییەکان سیمینارەکانیان پێشکەش کرد؟ پرسیارییە

تێبینی لەم جۆرە ڕستە پرسیار کردنەدا قسەکەر گومانی لە کام وشە بێت پرسیارەکەی لەو وشەیە دەکات وە هێزی دەخاتە سەر

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## ٢- پرسیارکردن بە هۆی ئامراز :

ئەم جۆرە پرسیارکردنەش پرسیاری تایبەتی و پرسیاری وشەییشی پێی دەگوترێت هەموو ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە ئامرازی پرس بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەی پرسیارکردنەکەدا دەکەن. وەکو:

**چۆن کارەکەتان ئەنجام دا؟**

**لە کوێ هاتووی؟**

**بەچی دەژی؟**

تێبینی لێرەدا قسەکەر زانیاری لە باری هەر کەرستییەکی ڕستەکە بوویێت ئامرازی پرس لە شوێنی کەرستەکە ( وشەکە )دادەنێت.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## ٣- ڕستەی فەرماندان

ڕستەی فەرماندار باوترین شێوازی داخوازکردنە کە کەسی یەکەم( قسەکەر) داوا لە کەسی دووەم دەکات کە کارێک یان هەڵوێستێک بنوێنن یان بە پێچەوانەوە بۆ قەدەغەکردنی کارێک بە کار دەهێنرێت ڕوونانی ڕستەی فەرماندان بە گشتی بە هۆی کاری ڕستەکەوە دروست دەبێت واتە کاری ڕستەکە ڕۆڵی سەرەکی و بنچینەی دەبینێت لە پێکهاتنی شێوەی ڕستەی فەرماندان .وەک :

**بڕۆ کارێک پەیدا بکە .**

**گوێ بە قسەی ئەوان مەدەن .**

**دەست لە کتێبەکە مەدە.**

یاساکەی بەم شێوەیە :پێشگری (بـ) + ڕەگی کار + جێناوی لکاو

( ە )بۆ کەسی دووەمی تاک ( ن ) بۆ کەسی دووەمی کۆ

## ٤-  ڕستەی سەر سوڕمان(هەست دەربڕین)

ئەم جۆرە ڕستەیە کە قسەکەر بەرامبەر دیاردەکانی دەوروبەری هەست و ئارەزووی باوەڕی دەردەخات. سادەترین جۆریشی لەم گوتانەدا دەردەکەوێ کە وشەی سەرسوڕمانی تێدایە. وەک :

سەیری کە چەند نازدارە !

ئۆخەی کە بە یەکەم دەرچووو!

وای لەم پەتا کوشندەیە!

❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋

## ٥- ڕستەی بانگکردن

ئەم جۆرە ڕستەیە بۆ مەبەستی بانگ کردنی یان ئاگادارکردنەوەی کەسێک بە کار دێت کە قسەکەر دەیەوێت هەواڵێک بە گوێگر ڕابگەیێنێ بە هۆی بەکارهێنانی هەندێ ئامرازی وەک (هۆ ،ئەی ،هێ، ئێ ،ە  ێ ، ینە ----- هتد  کە بە پێی مەبەستی قسەکەر لە بانگکردنەکەدا بە کار دێت بۆ سەرنج ڕاکێشانی گوێگر جا ئەگەر رستەکە ئامرازی لەگەڵ بوو ئەوە گوێگر ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای ئامراز. بەڵام ئەگەر ڕستەکە بێ ئامراز بوو ئەوە خۆیان (گوێگر) بە تەنها دێن لە ڕستەکەدا وەکو:

هۆ خەڵکینە لافاو هات.

ئەی هاوار وازمان لێ بهێنن.

کچێ لەگەڵ تۆمە.

کاڵێ ئاگات لە وانەکانت بێت .

❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋

## ٦- ڕستەی پاڕانەوە (دوعاکردن)

لەم جۆرە ڕستەیەدا قسەکەر ڕاستەوخۆ ڕووی دەمی خۆی لە خوا دەکات کە سی دووم و کارێکي بۆ ئەنجام بدات یان ئەنجام نەدات، ئەویش بەناو هێنانی (یاخوا،خوایە، یا شافی ،ڕەبی ،یا ڕەزاق هتد. داوای

لێ دەکات بە گشتی ئەم جۆرە ڕستەیە بە دوو جۆرە مەبەست بە کاردێت بۆ لایەنی خێر و چاکە( دوعا بۆ کردن) یانیش بۆ لایەنی خەراپە و شەڕ (دوعا لێ کردن) وەک:

خوا لەوە ڕیسواترت بکات.

خوایە بیخەیتە سەر کار .

ڕەبی بە ئاواتی خۆت نەگەی.

یا شافی شیفای نەخۆشەکانمان بدەی.

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

## ٧- ڕستەی سوێندخواردن

ئەم جۆرە بریتییە لە سوێندخواردنی قسەکەر کە تیایدا جەخت لەسەر شتێک دەکات وە باسی دەکات بە (ئەرێ یان نەرێ) ئەو ڕستەیە جەختکردنەوەیە لە سەر ڕستەیەکی تر وەکو:

بە خوا بە چاوی خۆم بینیم.

بە خوای لەوماڵە نارۆی.

وەڵاهی ڕاست ناکات.

سوێندت بۆ دەخۆم من ئەو کارەم نەکردووە

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

## ٨- ڕستەی ڕاپەڕاندن

لەم جۆرە ڕستەیەدا قسەکەر لە جیاتی ئەوەی کارێک بە گوێگر ڕاپەڕێنی خۆی کارەکە ڕادەپەڕێنی و گوتنانەکەش ڕاپەڕاندنی کارەکی و وەکو:

بەڵێن دەدەم هەرگیز دووبارەی نەکەمە وە.

پەیمان بێ لای هەمووان باس بکەم .

سوێندت بۆ دەخۆم ڕاستی بڵێم.

## ٩- ڕستەی جێخۆش کردن

ئەم ئەرکەر زیاتر لەم گوتنانەدا دەردەکەوێ کە ڕۆژانە بەکار دێ و بە سەرزاری هەموو کەسێکەوە بۆ مەبەستی خۆبردنە پێشەوە و شوێن خۆش کردن و خۆ چەسپاندن لەناو کۆمەڵگای مرۆڤدا وەک: ئەو ڕستانە بۆ سڵاو کردن و خوا حافیزی و چاک چۆنی بە کاردێت وەکو:

**چۆنی؟ باشی ؟**

**خوا حافیز، خوات لەگەڵ،،،،،،، سوپاس مەمنوون،،،،،،،،،،،**

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی دارشتن ڕوونان وە پێکهاتنەوە

پۆلینکردنی ڕستە لە ڕووی ڕۆنانەوە بریتییە لە دوو جۆری سەرەکی

١- ڕستەی سادە : بریتییە لە سێ بەش ا- سادەترین ڕستە ب- ڕستەی سادەی ئاسایی

ج- ڕستەی سادەی فراوانکراو

٢-ڕستەی ناسادە: دەبێتە دوو جۆر ا- ڕستەی لێکدراو ب- ڕستەی ئاوێتە(تێکەڵ ،ئاڵۆز )

ا-لێکدراوە : دەبێتە چوار بەش

یەکەم: ڕستەی لێکدراوی هاوڕێک

دووەم :ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە

سێیەم: ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردە

چوار: ڕستەی لێکدراوی نەرێ

ب:ڕستەی ئاوێتە: دەبێتە دوو بەش

ا- دیارخەری ناو واتە (شارستە)　　　　ب- دیارخەری کار واتە( پارستە)

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

١- ڕستەی سادە : پێناسەی ڕستەی سادە ئەو ڕستەیە کە بە تەنیا کارێک و پێویستییەکانی ڕستەی سادە ئەو کارە تێدایە واتە بریتییە لە ڕەگی کار و پێویستییەکانی لە ڕستەی سادەدا دەشێت زیاتر لە ناوێک ، ئاوەڵناوێک ، کارێک ، ئاوەڵکارێک ---هتد هەبێ بەڵام ناکرێ لە کارێک زیاتر هەبێ بۆیە گوڵەکێ سەرەکیی ڕستە بریتییە لە (ڕەگی کار)

بۆ نمونە : دەڕۆم هاتم من ئوتومبێلەکەم فرۆشت یاخود (فرۆشتم)

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

## جۆرەکانی ڕستەی سادە

ا : سادەترین ڕستە: ئەو ڕستەیە کە تەنها لە وشەیەک پێکهاتبێ وە ئەو تاکە وشەیەکە لە ئاستی (وشەسازی)دا وشەیە بەڵام لە ئاستی (ڕستەسازی)دا دەبێتە ڕستە چونکە هەموو پێویستەکانی ڕستەی تێدایە واتا (ڕەگی کار و هەردوو پێویستیە سەرەکییەکەی مۆرفیمی کات و جێناوی لکاوی توخمی (بکەر و بەرکار) ی تێدایە بۆ نمونە : دەیکوژم ، گەڕام ، دەچم ، فڕی، مردن------- هتد

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

ب: ئاستێ ڕستە سادەی ئاسایی: ئەو ڕستانە کە جگە لە ڕاناوی ڕێککەوتن بکەر و بەرکاریان بە ئاشکرا دا دەردەکەوێت بۆیە ئەم جۆرە ڕستەیە لە کاری (تێنەپەڕ)دا تەنها لە دوو وشە پێک دێ وشەیەکیان (بکەرە) ئەوی تریان (کارە) جا تێنەپەڕی (بکەری بێ یان تێنەپەڕی بەرکاری) بێ بەڵام لە کاری تێپەڕدا لە سێ وشە پێکدێت کە بریتیية لە(بکەر - بەرکار - کار)

واتا ڕستەی سادەی ئاسایی

له کاری تێنەپەڕی پێکدێت له (بکەر یان بەرکار + کار ) وەک:

من هاتم ، ئێمە دەڕۆین

له کاری تێپەڕدا پێکدێت له (بکەر + بەرکار + کار ) وەک:

نیگار منداڵەکەی خەوان

له کاری ناتەواودا پێکدێت له (نیهاد + گوزارە) وەک :

نەوزاد زیرەکە ( ە ) کاری ناتەواوە

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

چ: ڕستەی سادەی فراوانکراو: ئەو ڕستانە کە له کاری تێنەپەڕدا زیاتر له دوو وشە له کاری تێپەڕیشدا زیاتر له سێ وشەن واتە جگە له وشەکانی (بکەر و بەرکار و کار ) وشە سەربارەکانیش ( لاوەکییەکان) وەک :

ا- له تێنەپەڕدا سادەترین ڕستەی: کەوت

ڕستەی سادەی ئاسایی: منداڵەکەی کەوت

ڕستەی سادەی فراوانکراو :منداڵە جوانە ژیرە قژ زەردەکە کەوت

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ب- له تێپەڕدا سادەترین ڕستەی: خوارد

ڕستەی سادەی ئاسایی: منداڵەکە سێوەکەی خوارد

ڕستەی سادەی فراوانکراو : منداڵە جوانە ژیرە قژ زەردەکە سیوەکەی خوارد

تێبینی مەبەست له فراوانکردنی ڕستەی سادە ئەوەیە کە ڕستەی سادەی ئاسایی بە هۆی چەند کەرەسەیەکی ناسەرەکی فراوان دەکرێت لەوانە

ا- فراوانکردنی بکەر یان بەرکار

بکەر: کچە چاو ڕەشە جوانە جوان و باڵابەرزەکە هات

بەرکار: ئەوان دوو ملوانکەی زێڕ و ئەڵماسیان کڕی

ب- فراوانکردنی بە هۆی بەرکاری ناڕاستەوخۆ :

چێشتەکەم بۆ گەورە و بچووک لێناو

ج- فراوانکردنی بە هۆی ئاوڵگوزارەو بە هەموو جۆرەکانیەوە:

پار ساڵ لە شاری هەولێر لە شارۆچکەی شەقڵاوە بارانێکی زۆر باری

د- بە هۆی هەندێ وشەی بانگکردن، سەرسوڕمان، جێناوی خۆیی کە بۆ پێداکوتن جەختکردن--- بە کار دێ وەک : هۆهۆ کوڕی باش وەرە

ئای لەم دیمەنە دڵڕفێنە

قوتابییەکە خۆی فێری خوێندنەوە و نووسین کرد

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

٢- ڕستەی نادە: ئەو ڕستانە زیاتر لە کارێکیان تێدایە وە بریتییە لە دوو بەش

ا- ڕستەی لێکدراو: بریتییە لەو ڕستانە کە زیاتر بە کارێکیان تێدایە واتە لە دوو ڕستەی سادە یا زیاتر پێکهاتوون وە بە یارمەتی ئامرازی لێکدەر وە ڕستەکان لێک دەدرێن واتە هەر کارێک ڕستەیەکی سەربەخۆی پێک دەهێنێ بەڵام بەشدارییەکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە

ڕستەی لێکدراو بە پێی ئامرازە لێکدەرەکان دەبنە چوار جۆر

١- ڕستەی لێکدراوی هاوڕێک: ئەم ڕستانە دەگرێتەوە کە کاری ڕستەکانیان لە ڕووی ئەنجام دانەوە هاوڕێکن وە لە شێوەی ئەرێن و هەمان ئاراستە وەردەگرن ئامرازی لێکدەرەکان بریتین( لە و، ئینجا ،

ئەوجا ،ئەوسا ،هەروەها ،(،)------ هتد بەڵام باوترینیان بریتییە لە ئامرازی لێکدەری( و ) وەک:

ماسیەکەم گرت و برژاند و خواردم

قوتابییەکە لە خەو هەڵسا ئینجا دەموچاوی شوشت دواتر جلەکان لەبەر کرد پاشا چوو بۆ قوتابخانە

****************************************************

**٢- ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە:** ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە ڕوودانی ڕستەی دووەم پێچەوانەی ئەنجامی ڕستەی یەکەمە ئامرازە ئامرازە لێکدەرەکانی بریتین لە (بەڵام، ئەگەرچی ،هەر چەندە، لەگەڵ ئەوەش دا، کە، کەچی ----- هتد وەک:

خانووەکەمان گەورەیە بەڵام باخچەی تیا نییە

هەرچەندە بچووکە بەڵام ئەقڵی گەورەیە

ئەگەرچی هۆزان زیرەکە بەڵام ناخوێنێ

هەرچەندە بە کەم دەرچوو بەڵام دانەمەزرا

****************************************************

**٣- ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردە:** ئەو ڕستانە لە دوو ڕستەی سادە پێک دێن وە لە کاری هەردوو ڕستەکەدا تەنیا کارێکیان کاری یەکێکیان ئەنجام دەدرێ وە یەکێکیان هەڵدەبژێردرێ بە ئامرازی لێکدەری (یان--- یان - یا------ یا – یان------- یا) ڕستەکان لێکدەدرێ وەک :

یا سەر دەکەوی یا لەناو دەچێ.

یان دانیشە یان برۆ

یا دەخوێنێ یا شوو دەکەی

****************************************************

**٤- ڕستەی لێکدراوی نەرێ:** هەندێ جار ڕستەی لێکدراوی دوو نەرێشی پێ دەوترێ کە بە زۆری لە دوو ڕستەی نەرێ پێکدێ وە هیچیان جێ بەجێ ناکرێ وە بە هۆی ئامرازی ( نە٠٠٠٠٠ نە)

لێکدەدرێن وە ئامرازی لێکدەری ( و )یش دەتوانی بەشداری لێکدانی بکات وەک

نە پێڵاوی تەنگ و نە خانەی بە جەنگ

نە دێتە ژۆرێ نە دەڕواتە دەرێ

نە دەمرێ و نە چاک دەبێ

✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻

ب- ڕستەی ئاڵۆز : جگە لە زاراوەی ئاڵۆز زاراوەی (ئاوێتە، تێکەڵ )بە کار دێ بۆ ئەم جۆرە ڕستانە هەمان مەبەست واتا دەگەیەنێ

ڕستەی ئاڵۆز: ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە لە دوو ڕستە یا زیاتر پێکدێن ڕستەکان بە یاریدەی ئامرازی لێکدەری لەم جۆرە ڕستەیەدا (ڕستەی شارستە و پاڕستە) بەکار دێت

شارستە: ڕستەی سەرەکی بە تەنها بە کار دێت واتا دەبەخشێت

پارستە: لاڕستە،ڕستەی شوێنکەوتوو ڕستەی دیارخەر)

ڕستەی لاوەکییە (نا سەرەکی )چونکە تەنیا ڕۆڵی دیارخەر دەبینێ وە بە تەنهاش بەکار نایەت واتا نابەخشێت بەڵکوو واتاکەی بە واتای شارستەوە بەستراوەتەوە هەروەها ئامرازی لیکدەر لە ڕستەدا لەگەڵ پاراستەدا دێت بۆ نمونە:

هەولێر کە بە قەڵا ناسراوە ، پایتەخت هەرێمی کوردستانە

واتە پاڕستەکان دەتوانرێ لابدرێن وە هەر بارستەیەک لەکەرستەکانی ناوشارستە ڕوون دەکاتەوە ودیاری دەخات بۆیە سەرجەم ڕستەی باڕستەکان دیاخەرن جا ئەوپارستانە(گرێی ناویەکان) ڕوون دەکەنەوە پێیان دەوترێت باڕستەی (دیارخەری ناوی) ئەوانیش(گرێی کاریەکان) ڕوون دەکەنەوە بە پاڕستەی(دیارخەری کاری) ناو دەبرێن لە ڕستەی ئاڵۆزدا پارچەکان جۆری ڕستەکە دیاری دەکەن بە گشتی دەبن بە دوو جۆر

**یەک: پارستەی دیارخەری ناوی:**

ئەو پارستەیە ئەو پارستانەم کە شوێنی ناوێک یان گرێیەکی ناوی لەناو شاڕستەدا دەگرنەوە وە بە پێی ئەرکی ناوەکە لەناو شارستەکەدا جۆرەکەی دیاری دەکرێ وەک:(ئەرکی بکەری) (ئەرکی بەرکاری) دەبینین بۆ نمونە

ا- **پارستەی دیارخەری بکەری**:ئەم پارستەیە لایەنێکی بکەری شارستەکە ڕوون دەکاتەوە دەبێتە دیارخەری بکەری شاڕستەو واتە ئەم پارستانە زانیاری لەباری بکەری ناو شارستەکە دەدات و ڕوونی دەکاتەوە وەک:

نەوزاد کەئەندازیاری تەلارسازییە،خانوویەکی دروست کرد.

مۆبایل،کەئامیرێکی زۆر بچووک و تازەیە پەیوەندییەکانی ئاسانتر کردووە.

سەفین کەبرازای منە، دوێنێ گەڕایەوە.

ئەو قوتابییەی کەباشی دەخوێند، یەکەم دەرچوو .

ئەو پێشمەرگانەی کە زۆر ئازا و دلێر بوون، ئێستا خانەنشین بوون.

نازدار کە دراوسێی منە ،ئەمڕۆ لەناکاو ڕۆیشت.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

**ب- پارستەی دیارخەری بەرکاری:**

لەم جۆرەیاندا پارستە لایەنێکی بەرکاری شارستە ڕوون دەکاتەوە دەبێتە دیارخەری بەرکاری شارستە بەرکارتوخمێکە لەڕستەدا کارێکی بە سەردا دێ.

نمونە: ئەو باسەی کەهاوڕێکەم نووسی بووی، بڵاوکرایەوە. باسە(بەرکارە)

سەدام کە هەڵەبجەی کیمیا باران کرد هیرۆشیمای کوردستانە. هەڵەبجە (بەرکارە)

ئەو گوڵەی کە لە هەمووان بۆن خۆشتر بوو پێشکەشی کردم. گوڵە (بەرکارە)

ج- پارستە دیارخەری بەرکاری بەیاریدە:

لەم جۆرەشیاندا پاراستنە لایەنێکی بەرکاری بەیاریدە ناو شارستەکە ڕووندەکاتەوە و وەسفی دەکات ودەبێتە دیارخەری بەرکاری بەیاریدەی شارستە وەک:

وێنەیەکم بە مۆبایلەکەی کە تازەی کڕیبوو.گرت. بەمۆبایلەکەی (بەرکاری بەیاریدە)

کتێبێکم لەو چاپخانەیەی، کە تازەکراوەتەوە، چاپ کرد لەوچاپخانەیەی (بەرکاری بەیاریدە)

نامەیەکەم بەئازاد دا کە برای منە ،بۆ ناردی بەئازاد (بەرکاری بەیاریدە)

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

د: پارستە دیارخەری نیهاد :

ئەم پارستانەش وەسفی نیهادی شارستەکەی دەکات وە ڕوونی دەکاتە وەکو:

گۆران کە شاعیرێکی ناوداری کورد بوو، بە نەخۆشی شێرپەنجە مرد . گۆران(نیهادە)

کە شاعیرێکی ناوداری کورد بوو(پارستەیە)

هەولێر کەپاتەختی کوردستانە مزگەوتی یەکجار زۆرە. هەولێر(نیهادە).

ئەو کوڕەی کە بەپاڵەوانی لەش جوانی هەڵبژێردرا، بێسەر و شوێنە. ئەو کوڕەی(نیهادە)

بارزانی کە ناودارترین سەرکردەی کوردە لەساڵی(١٩٠٣)لە دایک بووە. بارزانی(نیهادە)

ساز کە کچی بچووکی منە،زیرەکە. ساز(نیهادە)

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

دووەم:پارستەی دیارخەری (ئاوەڵکاریی): ئەم پارستانە دەگرێتەوە کە کاری شارستە زیاتر ڕوون دەکەنەوە و دەریدەخەن بۆیە بەپێی ڕۆڵ وجۆری ڕوونکردنەوەیان دەکرێت بە شەش جۆر

١:پاراستەی دیارخەری کات:

لێرەدا بەڕستەی کاتی ڕوودانی کاری شارستەکە ڕوون دەکاتەوە بە پەیوەستکردنی بە کارێکی(کات) زانراوە دەتوانرێ شاڕستەو پارستە پاش و پێشی بکرێ واتە کاتی ڕوودانی کاری پارستەکە زانراوە

بە هۆیەوە کاتی ڕوودانی کاری شاڕستەش دەزانریّ بە زۆریّ ئامرازی(کە) بەکاردیّ نموونە:

کە من هاتم، ئەو ڕۆیشتبوو.

کە ئێوارە داهات،هەموو مریشکەکان دەبرێنە ناو کولانەکانیان.

کەکار لەکار ترازا، برا دەبێتە برازا

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

**ب: پارستە ی دیارخەری مەرجی:**

ئەم جۆرە پارستانە مەرجی ڕوودانی کاری شاڕستەکە دەردەخەن بە زۆریّ ئامرازی لێکدەری(گەر،ئەگەر) لەگەڵیان بەکاردێت لەم ڕستانەدا پارستە دەبێتە (ڕستەی مەرج) و(شارستە)ش دەبێتە(وەڵامی مەرج) وەک:

ئەگەر ماڵت لە شووشە بوو، ماڵی خەڵک بەردباران مەکە.

ئەگەر برا لەپشت برابیّ، مەگەر قەزا لەلای خودا بیّ.

ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە.

گەر خودا یاوەرمان بیّ، لادێیەکەمان نۆژەن دەکەینەوە.

گەر پشتت سەفین بی ، فوو لە ئاسن بکە

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

**ج: پارستە دیارخەریک(هۆ ):**

لەم پارستانەدا هۆی ڕوودانی کاری شارستە دەردەکەون بە زۆری ئامرازی لێکدەر(چونکە،لەبەرئەوەی، کە )لەگەڵیاندا بەکاردێت وە دەتوانی لێرە شوێنی شارستە و پارسە بەئاسانی ئاڵوگۆڕی بکریّ. وەکو:

چونکە قسەکانی حەقە، لای خەڵکی کەڵەڕەقە.

لەبەرئەوەی نان ناخوات،لاوازە.

لەبەرئەوەی کەدرۆی لەگەڵ کردم، متمانەم پییّ نەما.

چونکە یەکناگرین،بۆیە سەر ناکەوین .

## د: پارستەی دیارخەری ئەنجام:

ئەم پاڕستەیە ئەنجامی ڕوودانی کاری شارستە دەردەخەن وڕوونی دەکەنەوە ئامرازی لێکدەری(لەبەرئەوە، بۆیە) لەگەڵ پارستەکان بە کاردێ بۆ دەتوانرێ بە ئاسانی پارستە و شارستە شوێنیان ئاڵو گوڕ بکرێ نموونە:

قسەکانی حەقە، لەبەرئەوەی لای خەڵکی کەڵەرەقە.

یەکناگرین،بۆیە سەر ناکەوین .

دەمێکە نەم بینیبووە ، بۆیە نایناسمەوە

کەدرۆی لەگەڵ کردم، لەبەر ئەوە متمانەم پێی نەما.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## هـ:پاڕستەی دیارخەری ئامانج:

ئەم پارستانە ئامانجی ڕوودانێ کاری شارستە ڕوون دەکەنەوە بە زۆری ئامرازی لێکدەر(تا،هەتا تاکو،هەتاکو، بۆئەوەی--- هتد لەگەڵ پاراستەکان بەکاردێت وەکو:

ئێمە ڕا پەڕین،تاکو کوردستان ڕزگار بکەین.

دەخوێنم، بۆ ئەوەی دەربچم.

کورد تێدەکۆشێ، تامافی چارەنووسی دابین بکا.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## و:پارستەی دیارخەری پێوانە:

ئەم جۆرەیان ڕادە وپێوانەی ڕوودانی کاری شارستە دەردەخات، واتە بوار وسنووری کارکردنەکەی دەست نیشان دەکات بە زۆری ئامرازی لێکدەری(کە،تا،هەتا،تاکو،هەتاکو--- هتد لەگەڵیان بەکار دێ سەرەڕای ئەمانە لە نێو شارستەدا دیارخەرێکی نادیاری پێوانەلە پێش ئاوەڵناوی شارستەکە دێت وەکو:(هێندە، ئەوەندە، بەڕادەیەک--- هتد

ئەرکی پاراستەش دەرخستن وە سنووردارکردنی ئەو دیارخەرەیە بۆ هۆی ئەم دیارخەرانەوە پارستەی دیارخەری پێوانە لەپارستەی دیارخەری ئامانج جیادەکرێتەوە وەکو:

کچە گاوان هێندە جوان بوو، تا برای خۆشی حیرانی دەبووە. هێندە (دیارخەرە)

ئەوەندە شیرینە دەڵێ شەکرە. ئەوەندە (دیارخەرە)

بە ڕادەیەک گریا تا چاوەکانی لە دەست دا

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستە

ڕستە گەورەترین دانەی سینتاکسییە کە لە کۆمەڵێک کەرەسەی دیاریکراو پێکدێت کە بەپێی چەند یاسایەکی سینتاکسی ڕێزدەکرێن وڕستە پێک دەهێنن ئەو کەرەسانە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش دەکرێن بەوکەرەسانەی کەلەڕستەدا پێویستییەکی سەرەکین وناتواندرێ لاببرێن پێیان دەوترێ(کەرەسە سەرەکییەکان)بەڵام ئەو کەرەسانەی پێویستی لاوەکین ودەتوانێ لاببرێت پێ دەگوترێت(کەرەسە لاوکیەکان ناسەرەکیەکان)کەواتە

١- کەرەسە سەرەکییەکان: ئەو کەرەسانە دەگرێتەوە کەبوونیان مەرج وپێویستە لەنێو ڕستەدا بە لابردنیان واتا ڕستەکان تێک دەچی واتائەگەر کەرەسەکان لە ڕوونانی سەرەووەشدا بەدەر نەکەون ئەوا دەبێ لە ڕەونانی ژێرەوەدا بوونیان هەر بێ و دەربکەون لە زمانی کوردیدا بوونی ئەم کەرەسە سەرەکییانە بەندە بەکارەوە چونکە کار پێویستییەکانی خۆی هەڵدەبژێریت کە بە سەر(٣) حاڵەت دابەش دەکرێت یە

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

١- لەگەڵ کاری تێپەڕدا:(بکەر+ بەرکاری ڕاستەوخۆ+کاری تێپەڕ)

واتا کاری تێپەڕ پێویستی بەبکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە بۆ نموونە:

**ئازاد سێوەکەی خوارد** ڕۆنانی سەرەوە(ئازاد خواردی)ڕۆنانی ژێرەوە(ئازاد)سێوەکە(بەرکاری ڕاستەوخۆیە)خوارد(کاری تێپەڕە)

**نەوزادماتۆرسکیلەکەی فرۆشت** ڕۆنانی سەرەوە(نەوزاد فرۆشتی)ڕۆنانی ژێرەوە(نەوزاد)ماتۆرسکیلەکە(بەرکاری ڕاستەوخۆیە)فرۆشت(کاری تێپەڕە)

****************************************************

**ب - لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا:(بکەر+کاری تێنەپەڕ)**

**واتە کاری تێنەپەڕ تەنها پێویستی بە(بکەر)هەیە یان پێویستی بە(بەرکار)هەیە واتا تەنها پێویستی یان بەیەک کەرەسەهەیەیان سەرەکی(بکەر یان بەرکاری ڕاستەوخۆ)ئەویش بەگوێرەی کاری تێنەپەڕەکە دەگۆڕێت بەجۆرێک ئەگەر تێنەپەڕی(بکەری)بێ ئەوە بکەری لەگەڵدا دەردەکەوێت بەڵام ئەگەر تێنەپەڕی(بەرکاری)بێ ئەو بەرکاری لەگەڵدا دەردەکەوێت بۆ نمونە:**

**ئێمە ڕۆیشتین (تێنەپەڕی بکەری)**

**خانووەکە ڕووخا(تێنەپەڕی بەرکاری)**

**ئۆتۆمبێلەکە سووتا(تێنەپەڕی بەرکاری)**

****************************************************

**ج:لەگەڵ کاری ناتەواو(ە،بوو،دەبێت)**

**ئەو کارانەی کە لەچاوگی(بوون)وەردەگیرێن ئەو کەرەسانەی کە لەڕستەدالەگەڵیان بەکار دێن وە دەردەکەون(نیهاد گوزارە)بۆ نمونە:**

**نەشمیل زیرەکە (ە) کاری ناتەواوە لە هەردوو ڕستەکە**

**ڕێزان ئەندازیارە**

**ئەو دەبێتە پزیشک**(ئەو)نیهادە (دەبێتە)کاری ناتەواوە پزیشک (گوزارە)

**شیرین دەبێتە مامۆستا**(شیرین)نیهادە(دەبێتە)کاری ناتەواوە(مامۆستا (گوزارە)یە

**لاوەند زیرەک بوو** (لاوەند) نیهادە (زیرەک) گوزارەیە (بوو) تەواوکەری کاری ناتەواوە

## کەرەسەر سەرەکییەکانی ڕستە بریتین لە:

**١- بکەر ٢- بەرکار و ڕاستەوخۆ ٣- نیهاد ٤- گوزارە ٥- کار**

**١- بکەر** بە کەرەسەی سەرەکی ڕستە دادەنرێت وە پێویستە لە ڕستەدا ونی هەبێت جا کاری ڕستەکە تێپەڕ بێ یا تێنەپەڕ بێ ئەم بەشە ئاخاوتنەی کە دەمنا بکەر بە زۆری ناو و جێناو و بکەریش دەبێت لە ڕووی کەس و ژمارە لەگەڵ کارەکە ڕێک بکەوێ نموونە ئەو هات تۆ هاتیت من هاتم ئێمە هاتین ئێوە هاتن ئەوان هاتن منداڵەکە نووست منداڵەکە بکەرە نوست کارە جۆرەکانی بکەر لە ڕووی دیاری و نادیارییەوە لە زمانی کوردیدا دوو جۆر بکەر هەن

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

**١- بکەر دیار ٢- بکەر نادیار**

**١- بکەر دیار:** لەنێو ڕستەدا بکەر ڕاستەوخۆ دەردەکەوێ زۆربەیان ناو یان جێناون وەک:

ئازاد نان دەخوات

**٢- بکەر نادیار** :لەڕێزەدا بکەر ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت بۆ نمونەی بکەر دیار:

ئازاد نانەکەی خوارد (ڕابردووە)

بکەر نادیار: نانەکە خورا

بکەر دیار ئێوە قەڵەمەکە دەشکێنن (ڕانەبردوو)

بکەر نادیار : قەڵەمەکە دەشکێنرێ

تێبینی بکەر نادیارە ڕابردوو لە ر ەگ + بکەر نادیار(ر) + ا

بکەر نادیار ڕانەبردوو دە + ر ەگ + بکەر نادر(ر) + ێ

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

**٢- بکەری ڕاستەوخۆ:** کەرەسەیەکی سەرەکییە لە ڕستەدا دەکەوێتە ژێرکاریگەری کارەکە لەو ڕستانەی کەکارەکانیان تێپەڕە یان تێنەپەڕە تێنەپەڕی بەرکاری بە زۆری وەڵامی پرسیاری کێ چی دەداتەوە بۆ نمونە

تەنە ڕەقەکان بەگەرما دەکشێت (تێنەپەڕی بەرکارییە)

بەردەکە پەنجەرەکەی شکاند (بەر کار)

لافاوەکە خانووەکەی ڕووخاند

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

٣- **نیهاد:** لەڕستە دادەنرێ بەکەرەسەی سەرەکی دادەنێ لەو ڕستانەی کەکارەکانیان لەچاوگی(بوون) وەرگیراون بە نمونە

منداڵەکە زیرەک بوو ، منداڵەکە زیرەکە ،منداڵەکە زیرەک دەبێت

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

٤- **گوزارە(تەواوکار)** گوزارە کەرەسەیەکی سەرەکییە لەو ڕستانەی کە کارەکانیان لەچاوەگی(بوون) وەرگیراون(ە،بوو، دەبێت)لەم ڕستانەداتەواوکەر گوزارەپێویستییەکی هەمیشەیی بە لابردنیان واتا ڕستەکان تێکدەچێت و دەگۆڕێت وەک

سێوەکە شیرین بوو، سێوەکە شیرینە ،سێوەی شیرین دەبێت

گوارەکەی نەسرین زێڕە ،کوڕەکە بوو بە مامۆستا،خوشکی نەوزاد پەرستیارە ،منداڵەکە زەرد هەڵگەڕا

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

٥- **کار:** کار بەشێکی سەرەکی ڕستەیە و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەدروستکردنی ڕستە لە زماندا و هیچ ڕستەیەکیش بێ کار دروست نابێت ودەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە باسێک لەباری بکەرەوە دەگەیەنێت هەموو کەرەسەکانی ڕستەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ پەیوەندییان بە(کار)ەوە هەیە ئەو کەرەسەی ئەو ئەو کەرەسییەی ئەو ئەرکە دەبینێت(گری کارییە) هەموو کارێک بەپێی توانا وسروشتی خۆی پێویستی بە چەند کەرەسەیەک هەیە لەوانە:

ا- ئەو كارانەی تەنیا لەیەک کەرەسە وەردەگرن پێیان دەوترێ(تێنەپەڕ) هەر وەک پێشتر باسمان کردبوو. کۆترەکە فڕی،قوتابییەکان ڕۆیشتن.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ب- ئەو كارانەی دوو کەرەسە وەردەگرن:تاکوو واتای ڕستەکە تەواو بکات پێیان دەوترێت(تێپەڕ) وەک پۆلیسەکە دزەکەی گرت،شێرەکە ئاسکەکەی خوارد.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ج: کۆمەڵەیەکی تر بریتی لەو کارانە کە دوو کەرەسەی(گرێیەکی ناوی و گرێیەکی بەند) وەردەگرێ ناکرێ ئەم دوو کەرەسە هیچیان لاببرێ وەک:

مارەکە بە کوڕەکەی وەدا، داوەکە لە قاچم ئاڵا، ئەوان بە ئێمە ناگەن.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

د: هەروەها کۆمەڵەکیتر بریتی لەو کارانەی کە سێ کەرەسە(دوو گرێی ناوی و گرێیەکی بەند) وەردەگرن تاکو واتای ڕستەکە تەواو بێت ئەم جۆرەیان دەتوانین ناوی بنێن(تێپەڕی ئاوێتە)وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە: کچەکەبەردی لەپشیلەکەگرت،ژنەکە خوێی لەچێشتەکەداکرد، ئۆتۆمبێلەکەت بەمن دا

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## کەرەسە ناسەرەکییەکانی

ڕستە ئەو کەرەسانە دەگرێتەوە کەبەلادانیان لەڕستە واتای ڕستەکە تێک ناچێت واتە بوونیان لەنێو ڕستەدا بە ئارەزوو زیاتر بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی زانیاری بەکار دێت گرنگترین ئەو کەرەسە ناسەرەکییانەش بریتییە لە:

١- کەرەسەیەکی ناسەرەکیە لەنێو(بەرکاری ناڕاستەوخۆ )بەیاریدە: کەرەسیەکی ناسەرەکی لەنێو ڕستەدا چونکە بەلادانی واتای ڕستەکە تێک ناچێت بە شێوەی گرێی بەند دەردەکەوێت وناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێرکاریگەری کارەکە و فراوانی دەکات وەڵامی پرسیاری(کێ یان چی)دەداتەوە بۆ نمونە:

داری ئازادی بەخوێن ئاو دەدرێت،خوشکەکە هەنارەکەی بۆ ئەوان دەبات،سەر دار شێروانی بە کاروان ناساند.

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

**٢- سەربار:** کەرەسەیەکی ناسەرەکی لە ڕستەدا دەردەکەوێ دەکرێ لابرێت بۆ نمونە:بۆ ئەوەی کارەکەی ڕستە شێوەی لەڕووی واتاوە گرنگی نییەچونکە نابێتە هۆی تێکچوونی واتای ڕستەکە بێ ئەوسەربار بە تەنیا باری ڕووداوەکە دەردەخات.دەتوانێ گرێی ناوی،ئاوڵناوی ،ئاوڵکاوی---هتد بنوێنرێت لە ناو ڕستەدا بەڵکوو یەکێکە لە باشترینە پێش (بەرکەر وکار)بکەوێت یاخود لە نێوان(بەرکار و کار)دێت

نمونە: هەندێک کەس لەژێر لێداندا دەمرن، زۆرم خوارد، دارا لەو دوکانە میوە دەفرۆشێت قوتابییەکی جوانی ژێرهات، منداڵێکی هەژار لەوناوە بوو.

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

**٣- ئاوڵگوزارە:** کەرەسەیەکی ناسەرەکییە لە ڕستەدا چونکە بەلادانی نابێتە هۆی شێواندنی واتای ڕستەکە وتێکی بدات بەشێکی لەگرێی کاری ڕستەو فراوانی دەکات وە ڕوویەکی کاری ڕستە ڕوون دەکاتەوە بەگشتی(بەند گرێی بەند( ئەم ئەرکە دەبینێ لەناو ڕستەی کوردیدا هەندێک جاریش(گرێی ناوی)ش ئەم ئەرکە دەبینن ئاوڵگوزارە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چەند جۆرێکی لێ دەبێتەوە وەک(کاتی، شوێنی،چۆنیەتی، پێوانە----هتد وەک گشتی لەناو ڕستەدا ئاوڵگوزارەیەک وەک کەرەسەیەکی بزێو ڕەفتار دەکات واتا دەتوانێ لەنێو ڕستەدا شوێنی خۆی بگۆڕێ ئە ویش بە پێی مەبەستی قسەکە شوێنی ئاوڵگوزارەکان دەگۆڕێت وەکو:

ئەمڕۆ قوتابییەکان هەموویان هاتوون

قوتابییەکان ئەمڕۆ هەموویان هاتوون

قوتابییەکان هەموویان ئەمڕۆ هاتوون

قوتابییەکان هەموویان هاتوون ئەمڕۆ

## جۆرەکانی ئاوڵگوزارە

**١- ئاوڵگوزاری شوێنی**:ئەوان لەبن خانووەکە دانیشتبوون ،    ئەو لەمزگەوت دەخوێنێ

گرانی لە کوردستان سەری هەڵدا   ،    باوکم لە بەغدا دەژی

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

**٢- ئاوڵگوزاری کاتی**: میوانەکان لە دوێنێوە ئامادە بوون،    خەڵکەکە لە بەیانییەوە چاوەڕوانن

ئێوە لە بەهاردا یاپراخ دەکەن

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

**٣- ئاوڵگوزاری هۆ** : منداڵەکە لەخۆشییە دەگریا،    ئەولەترسان دەلەرزی

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

**٤- ئاوڵگوزاری چۆنیەتی**: مامۆستاکان بەپەلە هاتن ،    کارمەندەکان بەباشی کار دەکەن

منداڵەکە بە ترسەوە هاتە ژوورەوە

## ڕێزمانی گوێزانەوە

گوێزانەوە کردەوەیەکی ڕستە سازییە لەسەر زنجیرەیەک پێکهاتەی ڕێزمانی کار دەکات دەیگۆڕێت بۆ زنجیرەیەک پێکهاتەی نوێ و پێکهاتەیەکی دارێژراوی لێ دروست دەکات

(جۆمسکی)سێ مۆدێلی ڕێزمانی دەخاتە ڕوو دواتر باشترین جۆری ڕێگا دیاری دەکات کە ڕێزمانی گوێزانەوەیە ڕێزمانەکانیش بریتین لە:

١- ڕێزمانی فرێزی پێکهێنان.

٢- ڕێزمانی بارە سنووردارەکان.

٣- ڕێزمانی گوێزانەوە

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

## ڕێزمانی گوێزانەوە

ڕێزمانی گوێزانەوە لەلایەن زانایانی زمانەوانەوە پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە لەوانە:

١- یووسف نووری محەممەدەمین:هەر ڕێزمانێک دوو ئاست و ڕستە دیاری دەکات(ڕوونانی ژێرەوە وە ڕۆنانی سەرەوە)ئەو دوو ڕۆنانەش بێکەوا ببەستینەوە بە سیستەمێکی تایبەتی ئەوە ڕێزمانێکی گوێزانەوەیە.

٢- موحسن عەلی حسێن:ڕێزمانی گوێزانەوە بریتییە لەوەی هەر ڕستەیەک ڕۆنانی ژێرەوە ڕۆنانێکی سەرەوەی هەیە هەردوو ڕوونانەکەش بە پێی چەند یاسایەک بەیەکتر دەبەسترێنەوە کە پێیان دەگوترێت(یاساکانی گوێزانەوە)بەپێی ڕێزمانی گوێزانەوە ڕستە بنەڕەتیەکە پێش ئەوەی هیچ گۆڕانکاریەک بە سەردابێت ئەو ڕستەیە(ڕوونانی ژێرەوەی)ڕستەکەیە کە دەتوانی بەپێی یاساکانی پێکهێنانی فریز چی بکەینەوە بەڵام ئەو ڕستە گۆڕاوە و شێوەی بنەڕەتییەکەی نەماوە ئاستی سەرەوەی ڕستەیە ڕستە بنەڕەتیەکەیە بە پێی یاساکانی گوێزانەوە شیدەکرێنەوە بۆ نمونە لەکاتی ئاخاوتن لەگەڵ کەسی بەرامبەردەڵێم

(چوومە زانکۆ)ئەم ڕستەیە لە ئاستی سەرەوەیە کەچی لە ئاستی ژێرەوە ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە خوارەوەیە (من دوێنێ چووم بۆ زانکۆ)

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

## ئاستەکانی ڕۆنانییەکانی ڕستە


بە پێی تیۆری بەرهەمهێنانی گوێزانەوە بۆ شیکردنەوەی ڕستەکانی زمان دوو ڕۆنان دەستنیشان کراوە ئەوانیش(ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوەیە)هەردوو ڕۆنانەکەش پەیوەستن بەیەکەوە هەروەها لە ڕووی جیاوازی و بەرهەمهێنانیان بە یاسای جیاواز دەبێت ئەم دوو ڕۆنانەی جیاکردەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی لێڵی و فرەواتەی ڕستە

## ئاستە ڕۆنانییەکانی ڕستە

١- ڕۆنانی ژێرەوە

٢- ڕۆنانی سەرەوە

١- ڕوونانی ژێرەوە(بنج)ڕۆنانی ژێرەوە ئەو ڕوونانەی ڕستەیە کە لەگەڵ واتادا پەیوەندی دارەوە یەکەم قۆناغی بەرهەمهێنانی ڕستەیە بە شێوەیەک ناتوانێت بدرکێندرێت تاکوو ئاراستەی ڕوونانی سەرەوە نەکرێت ڕوونانی ژێرەوە بە هۆی یاساکانی فرێز و یاسا پێکهێنەرەکانی بەرهەم دێ بۆ نمونە بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی وەک: قوتابییەکە کتێبێکی کڕی



**٢- ڕۆنانی سەرەوە**

ئاستی سەرەوە خوێندنەوەی ڕستەکەیە کەواتە لە ڕۆنانی سەرەوە دەنگ و وشە هەیە ڕێزبوونی وشەکان هەیە ڕۆنانی سەرەوە لە کەرەسە فیزیکییەکانی زمان واتا(دەنگەکان) پێکهاتووە لە چوارچێوەی قاڵبی فۆرمیەکان بۆ دروستکردنی ڕستە لێکۆڵینەوەلەم ئاستەی ڕستەبریتی دەبێ لە سەرنجدان بۆ دەنگەکان وکاریگەرییەکان لەسەر یەکتر وە گۆڕانەفۆنۆلۆژییەکان کە گۆڕانە سینتاکسیەکان بە دوای خۆیان دێنن بۆ نمونە ڕستەیەکی وەک:

پێم دەشکێ------- ئاستی سەرەوەیە

شتەکە بە من دەشکێ------- ئاستی ژێرەوە

پێی من دەشکێ--------- ئاستی ژێرەوە

تێبینی هەر ڕستەیەک چەند واتایەکی هەبێ لە بنچدا ئەوەندە ئاستی ژێرەوەی هەیە

❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋

## یاساکانی گوێزانەوە

یاساکانی گوێزانەوە لە ڕێزمانی بەرهە مهێنان وگوێزانەوە دا ئەوانەن کە ئاستی ژێرەوە لەگەڵ ئاستی سەرەوە لە ڕۆناندابەیەکەوە گرێ دەدات واتا یاساکانی گوێزانەوە ئاستی ژێرەوە وەردەگرێت چەند کردەیەکیان بە سەردا جێبەجێ دەکات پێش ئەوەی بیانگە یەنێنە ئاستی سەرەوە بۆ واتایەکی تر یاساکانی گوێزانەوە چەند یاسایەکەبە هۆیەوە ڕستە لە ئاستی ژێرەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستی سەرەوە هەروەها هەردوو ئاستی(ژێرەوە و سەرەوە)بەیەکەوە دەبەستێتەوە یاساکانی بریتین لە.

**١- یاسا گشتییەکانی گوێزانەوە.**

**٢- یاسا تایبەتییەکانی گوێزانەوە.**

**١- یاسا گشتییەکانی گوێزانەوە** یاسا گشتییەکان پیادەکردنیان لەسەر دوو ڕستە دەبێت لە کاتی لێکدانی دوو ڕستە یان بەرهەمهێنانی ڕستەی ئاڵۆزیەکی لە تایبەتییەکانی ئەمانە ئەوەیە کەرەسەکان لەناو خۆیاندا پاش و پێشی ناکرێ چونکە لە ڕووی واتاوە پاش و پێشی پاش کردنەکە هاو واتای

دروست ناکات بۆ نمونە:

**هاتم و دانیشتم** ----------ئاستی سەرەوە

**من هاتم و من دانیشتم** ---------ئاستی ژێرەوە

بە پێی یاسای یاسای گوێزانەوە لەم ڕستانەدا گوێزانەوە دەکرێت کە نابێ لە پاش و پێش لە ڕستەکەدا هەبێ بۆ نمونە: ناتوانین بڵێین **دانیشتم و هاتم** ✗

دەبێت بڵێین **هاتم و دانیشتم** ✓

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## ٢- یاسا تایبەتیەکانی گوێزانەوە

ئەم یاسایانە ئەم یاسایانە لە سەر یەک ڕستە سادە پیادە دەبن لە سنووری یەک زنجیرەی زمانی بەرهەمهاتوودا کار دەکەن وە لەناو خۆیاندا لە ڕوانگەی پێویستی پیادەکردنیانەوە دەبنە دوو بەش

**ا- یاسا بە خورتییەکان.**

**ب- یاسا بە ئارەزووەکان**

**ا- یاسا بە خورتییەکان:** بریتین لە یاساکانی کات، پاشکۆکان سنوورو جیاکەرەوە،جێناوەکان ئەم یاسایانە کە پیادەکردنیان لەسەر ڕستە پێویستە ڕستە لە ڕۆنانی سەرەوەیدا بەبێ پیادەکردنیان بەرهەم نایەت

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## ١- یاسا بە خورتییەکانی گوێزانەوەی کات :

ئەم یاسایە تایبەتە بە دەستنیشانکردنی کاتی کاری ڕستەکەیە ئەم یاسایەش مانای نەبوونی کات نییە لە ڕۆنانی ژێرەوە ڕستەدا بەڵکوو ڕێزبوونی کات لەگەڵ ڕەگدا دیاری دەکات بۆ نمونە:

**ژنەکە کراسەکەی بڕی ژنەکە**(ی) ڕابردووە **ژنەکە کراسەکەی دەبڕێت**(ێت) ڕانەبردووە یان

**نانەکە خورا**(ا) ڕابردووە **نانەکە دەخورێ** (ێ) ڕانەبردووە

**٢- یاسا بە خورتییەکانی گوێزانەوەی پاشکۆکان:**

ئەم یاسایە تایبەتە بە پێشگر و پاشگرانی کە دەچنە سەر کار لێرەدا مەبەست لە مۆرفیمەبەندەکانی کارە)جگە لەکات) بۆ دیاریکردنی جێگەی تایبەتیان لەگەڵ لەگەڵ ڕەگی کاردا دەکرێت بەم شێوەیە بنووسرێت

پیاوەکە دەرگاکەی کردەوە          ئاوەکەم خواردەوە

پیاوەکە دەرگاکە دەکاتەوە          ئاوەکە دەخۆمەوە

کارەکە ڕابردوو یان ڕانەبردوو بێت پاشکۆ جێگاکەی ناگۆڕێت شوێنیان چەسپاوەو دەبێ لە دواوە بن

**٣-یاسا بە خورتییەکانی گوێزانەوە سنوور جیاکەرەوەکان.**


ئەم یاسایانە تایبەتن بە لێکجیاکردنەوەی وشەکان و دەستنیشانکردنی سنووری ڕۆنانی هەر یەکێکیان لە چوارچێوەی ڕۆنانی گەورەتردا کە لە کەڕستەیەکە بۆ نمونە:

قوتابییەکان گەڕانەوە          قوتابی/ ەک / ان/ گەڕانەوە

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

**٤-یاسا بە خورتییەکانی گوێزانەوەی جێناوە لکاوەکان:** گوێزانەوەی جێناوە لکاو لە کاری ڕابردووی تێپەڕدا کاتێک بەرکارلە ڕۆنانی سەرەوە ڕستەکەدا فۆڕمێکی تایبەتی هەبێت بە وشەیەکی فەرهەنگی دەرکەوتبێت ئەوە گوێزانەوەیەکی بەخورتی(جیناوی لکاوی کارەکە)بە کۆتایێ بەرکارەکە دەرلکێنێت واتا یاساکانی گوێزانەو جێناوە لکاوەکەی بە کۆتایی کارەکە دەیگوازیتەوە بۆکۆتایي بەرکار بۆ نمونە (من خواردم )لێرەدا ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و کارادا هەیە کارەکەشمان(بکەرە)پێویستی بە بەرکارە بەڵام ئەگەر بەرکار هەبوو (وشەیەکی فەرهەنگی بوو) دەبێت بە

(من نانەکم خوارد)ڕێککەوتن لە نێوان(بکەر و بەرکار)دا هەیە لێرەدا گوێزانەوەیەکی بەخورتییە جێناوی لکاو لە کۆتایی کار دەگوازێتەوە بۆ سەر بەرکارەکە کە وشەیەکی فەرهەنگییە بۆ نمونە: ڕستەیەک وەک




من نانەکم خوارد

لێرەدا دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە ئەم گوێزانەوەی جێناو لکاو بۆ سەر بەرکاری ڕستە تەنیا لە حاڵەتێکدا ڕوودەدات کە ڕێزبوونێ کەرەستەکان ڕیزبوونێکی ئاساییە(بکەر بەرکار کار)بێت وە ئەگەر ئەو ڕیزبوونە جێناو لکاوەکە هەر بە کۆتایی کارەکەت دەمینێتەوە بۆ نمونە

بە لووتکە کردن بەرکارە ----- (بکەر بەرکار کار) من نانەکەم خوارد (بکەر بەرکار کار)

نانەکە من خواردم بکەر بەرکار کار

کاتێک بەرکار بە لووتکە دەکرێت جێناوەکە دەچێتە شوێنێکی بنەڕەتی خۆی

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## ب- یاسا بە ئارەزووەکان

ئەو یاسایانەن کە دەتوانی پیادەیان بکەین یان نەکەین لەکاتی دارشتنەوەی ڕستەدابە پیادەکردنی ونەکردنی ئەو یاسایانەڕستەیەکی ریزمانی بەرهەم دیت بەگشتی یاسا بە ئارەزووەکان لەرێگەی هەندی لەم کردارانە ئەنجام دەدریت (لابردن ، زیادکردنی،جێگۆرکی، ئالوگۆرکردن )

١- لابردن :مەبەست لە لابردن ئەوەیە لە ڕۆنانی سەرەوەدا کەرەسەیەک لاببري واتا کردەی لابردن هەندی جار لەرستەدا بەئارەزووە دەتوانریت لەناو رستەدا کەرەسەیەک لاببري بي ئەوەی واتای رستەکە تێکبچێت . وەک

ا: لابردنی جیناوی سەر بەخۆ:

من هاتم ئەو نانەی خوارد

(٠) هاتم (٠) نانەکەی خوارد ← بە ئارەزوو جیناوی سەر بەخۆ لادەبەین

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ب: لابردنی ناوەکان : وەک

ئازاد و نازدار دەرچوون

(٠) (٠) ← دەرچوون

ج: لابردنی ئاوەڵناو وەک:

گوڵێکی سووری ئاڵم چاند ← گوڵێکم چاند ← چاندم

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

د: لابردنی ئاوەڵکار : وەک

دوێنێ ئێوارە بە پەلە گەڕانەوە ← گەڕانەوە

هەندێ جار کردەی لابردن بە خورتییە پێویستە لاببرێ وەک لەگۆڕین(بکەر دیار بۆ بکەر نادیار) لەم کاتە لابردنی بکەر دەبێتە یاسایەکی بە خورتی بۆ ئەوەی ڕستەیەکی بکەر نادیار بەرهەم بێت وەک:

من کتێبێکم کری

(٠) (٠)

کردەی( لابردنی بە خورتییە ) کتێبەکە کرا

٢- **جێگۆرکێ**: پەیوەندی بە گۆڕینی شوێنی کەرستەکانی رستە هەیەواتا بریتیة لە گۆڕینی شوێنی کەرستەکانی رستە بە پاش و پێشخستنی کاتیک سیستە می رێزبوونی زمانەکە رێیدات بە گۆڕینی شوێنی کەرستەکانی رستە

جێگۆرکێ بریتیە لە گۆڕینی شوێنی کەرستەیەکی زمانی لە رونانی سەرەوەدا بە مەبەستی جەختکردنی لەسەر کەرستە زمانییەکی بۆ نمونە:

منداڵەکە نانەکەی خوارد ← نانەکە منداڵەکەی خواردی .

جێگۆرکێ بریتییە لە لەوەی کە قسەکەر بە ویستی خۆی کەرەسەکانی ناو ڕستە جێگۆڕکی (پێشخستن یان دواخستنی) پێدەکات بەبێ ئەوەی واتای ڕستەکە و ئەرکی کەرەسەکانی ڕستة بگۆڕێت بەمەبەست دەرخستنی زیاتری ئەو کەرەسەیە کە لای قسەکەر گرینگە بەڵام بەمە رجێك ئەو جێگۆڕکییە ئاسایی بێت و لەناو کۆمەڵگا قبووڵبێت بۆ نمونە:

(بەلوتکەکردنی بەرکار):

قوتابییەکە ئاڵاکەی بەرزکردەوە

ئاڵاکە قوتابییەکە بەر بەرزی کردەوە

بەرکار بکەر

*********************************************************

٣- **زیادکردن**: لە بریتییە لە زیادکردنی کەرەسەیەکی ریزمانی بۆسەر رستە (بنجی) یەکە بەبێ ئەوەی واتای چەسپاو بنجی ڕستەکە بکات.

ئاسۆ هات ئاسۆی برای ڕزگار هات

بەڵام هەندێک جار کردەی زیادکردن دەبێتە کردەیەکی بەخۆرتی بۆ نمونە :

دەتانبینمەوە ← ئاستی سەرەوەیە

← کردەیەکی بە خورتی (پاشکۆ کانە)

من ئێوە دەبینمەوە ← ئاستی ژێرەوەیە

یان لە گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ بکەرنادیار مۆرفیمی(ر)زیاد دەکرێ وەک:

من ئێوە دەبینم

ئێوە دەبینرێن

م .بکەر نادیار زیادکردنی بەخورتییە

***************************************************

٤- کردەی لە بریدانان یا(گۆڕینەوە)(ئاڵوگۆڕکردن:

بریتییە لە جێگرتنەوە و گۆڕینی کەرەستیەکی ڕێزمانی بە کەرەستیەکی تری ڕێزمانی وەک :

ئەوان ئێمە دەناسن ئەوان ئێمە ناناسن

هەرواها وەکو گۆڕینەوەی جیناوە سەربەخۆکانی بۆ جیناوە لکاوەکان وەک:

من ئەو دەبینم_ ← ئاستی ژێرەوەیە

(٠) (ی) ئاڵوگۆڕکردن

لابردن جێگۆرکێ

دەیبینم ← ئاستی سەرەوە

پێشبەندەکان بەوپێیەی لە ڕیزی وشە ئەرکیدا پۆل دەگرێن بۆیە ڕۆڵیان لە سینتاکسدا دەستنیشان دەکریت هەردووپێشبەندی (لە)و(بە) کاتێک ڕاناوی کەسی سەربەخۆیان بەدواوەوە دێت بە ڕاناوی لکاو جێگردەکرێت لەو بارەدا پێشبەندەکە بە ڕوخسارێکی تر دەردەکەویت. بۆ نمونە:

لەتۆ ← لێت ، بەتۆ ← پێت .ئەگەر سەرنجی ئەمە بدەین دەبینین( لە)گوراوە بۆ(لێ)و( بە) گۆڕاوە بۆ(پێت)لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا وشەی نوێی دادەرێژین وئەرکی مۆرفیمی وشەی دارێژ دەبینن،

لەم بارەدا(لێ پێ)لە پێشبەندی دەکەون ومامەلەی مۆرفیمی وشە دارێژیان لەگەڵ دەکرێت بۆ نمونە

من لە منداڵەکەم دا ← ئاستی ژێرەوەیە

لابردن ئالوگۆرکردن ئالوگۆرکردنە بە جیناوی لکاوبۆکەسی سییەمی تاکە بەدیارناکەوی

لێ م دا ← لێمدا ← ئاستی سەرەوەیە

ئامرازی پەیوەندی(لە)ڕێگای کردەی ئالۆرگۆرکردن دەبێت بە(لێ)لەگەڵ فرمانی(دان)دەبێت بە چاوگی (لێدان)کە دەبێت وشەیەکی فەرهەنگی

من دەفتەرەکە م بە ئەو دا ← ئاستی ژێرەوەیە

(٠)لابردن جیگۆرکردن ئالوگۆڕ( پی ) ئالوگۆرکردنی بە جیناوی لکاوبۆکەسی سییەمی تاکە بەدیارناکەوی

م پێ دا ← پێمدا ← ئاستی سەرەوەیە

ئەو دەستی لە ئاوەکە خست ← ئاستی ژێرەوە

لابردن لابردن (تێ) ئالوگۆرکردنی بە جیناوی لکاو بۆکەسی سییەمی تاکە بەدیارناکەوی

تیخست ← ئاستی سەرەوەیە

(تیخست)لەچاوگی(تیخستن) دروست دەبێت

❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋

**٥- کردەی دوپاتکردنەوە:** ئەم کردەیەش هەندێ جار بە ئارەزوو هەندێ جاریش بە خورتییە بۆ پیێداگرتن لەسەر هەواڵ یاخود پرسیار بۆنمونە :

پەروین و دایکی هاتن پەروین خۆی و دایکی هاتن

من مامۆستا بینی من خۆم مامۆستا بینی

❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋

## گرێ (فرێز) phrase

گرێ بەو یەکە سینتاکسییە دەگوترێ کە بە ڕستەیەک یان بە کەرەستەیێکی سەرەکی و هەموو ئەو کەرەسانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەی بەند یان لەژێر دەسەڵاتیانن پێکدێ و ولە ڕستەدا ئەرکێک دەبینێ (گرێ)ش بە گوێرەی کارەسە سەرەکییەکە(سەرە) دەتوانرێ جۆرەکانی وکو(گرێی ناوی و گرێی ئاوەڵناوی و گرێی بەند و گرێی کاری---- هتد. لێ دیاری دەکرێت.

تێبینی: سەرە واتا(دیارخراو) واتا بە پێی جۆری دیارخراوەکە گرێیەکە ناوی لێ دەنرێ بۆ نمونە ئەگەر دیارخراوەکە ناو بێت ئەوە دەبێتە(گرێی ناوی) ئەگەر ئاوەڵناو بێت ئەوە دەبێتە(گرێی ئاوەڵناوی)و ئەوانی تریش بە هەمان شێوە.

****************************************************

## تایبەتمەندییەکانی گرێ

گرێ بە گشتی ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە.

١- **لە ڕووی ڕۆنانەوە** گرێ لە ڕستەی بچووکترە و لە وشەش گەورەترە.

****************************************************

٢- **گرێ دەتوانێت فراوان بکرێت** بە هوی کەرەسە گرێ بۆ نمونە: بۆ زیادکردنی ژمارەی دیارخردن یان کورت بکرێتەوە بۆ تاک وشەیەک بۆ نمونە:

منداڵیکی قژزەردی چاوکاڵی ژیر هات ------------ فراوان

سەرە(دیارخراوە) دیاخەرە دیاخەرە دیاخەرە

منداڵیکی هات --------------------- کۆرت

هات ----- ------------- تاکەوشە

٣- ئەو گرییەی لە کەرتێک یان لە کەرتێک زیاتر پێکدێ دەبێت کەرتەکانی بە هۆی یاسایەکی سینتاکسی لێکدراو بن واتە لە کاتی لێکدانی دوو کەرەسە یان زیاتر یەکێک لە کەرەسەکانی دەبێ بە سەرە ئەوانیتریش دەبن بە دیارخەری سەرە بۆ نمونە:

قوتابی زیرەک و ژیر سەردەکەوێت

قوتابی(دیارخراوە سەرە) زیرەک(دیارخەر) ژیر (دیارخەر ) قوتابی زیرەک و ژیر( گرێ)

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

٤- گرێ یەکەیەکی سەربەخۆیە لە ڕەفتاردا کاتێک بۆ پێشەوە یان دواوە دەجولێنیت ڕستەکە تێک ناچێت واتا کەرتەکانی گرێ هەموویان پێکەوە دەجولێن نەک یەکێکیان بۆ نمونە:

کرێکارێکی پیر لە خانووەکەی کار دەکات

کرێکارێکی پیر(گرێ) کرێکار( سەرە )، ێک (دیارخەردە ی( ئامرازە پیر (دیار خەرە)

لە خانووەکەی پیاوێکی پیر کار دەکات

کار دەکات پیاوێکی پیر لە خانووەکە

کار دەکات لە خانووەکە پیاوێکی پیر.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

٥- گرێ لە ڕستەدا ئەرکی بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆ گوزارە تەواوکرا تەواوکار نیهاد ئاوڵگوزارە-------- هتد دەبینێت وەکو:

١- بکەر: نەوزاد ڕۆیشت نەوزاد( گرێی ناوییە ) ڕۆیشت (بکەرە)

٢- بەرکاری ڕاستەوخۆ: نەسرین ملوانکەکەی کڕی ملوانکەکەی (گرێی ناوییە، بەرکاری ڕاستەوخۆیە.

٣- بەرکاری ناڕاستەوخۆ: ئازاد چوو بۆ قوتابخانە. بۆقوتابخانە گرێی بەندە بەرکاری ناڕاستەوخۆیە

٤- نیهاد: ڕۆژە زیرەکە زیرەکە (گرێی ناوی نیهادە).

٥- گوزارە: ڕۆژە زیرەکە زیرەکە (گرێی کاری، گوزارەیە).

٦- ئاوڵگوزارە: ئەو لە کارگە کار دەکات لە کارگە( گرێی بەند ئاوڵکاری ئاوڵگوزارییە)

## جۆرەکانی گرێ

گرێ بە پێی جۆری سەرە(دیارخراوەکە)ئەم جۆرانەی خوارەوەی هەیە.

١- گرێی ناوی: بریتییە لەو پێکهاتەیەی کە سەرەکەی(ناو یان جێناوە)ئەم سەرەیە بۆی هەیە دیارخەرێکەوە یان چەند دیارخەرێکەوە فراوان بکرێت، کە دیارخەرەکان یان دەکەونە پێش سەر یان دوای سەر لەدوای گرێی ناویدا هەموو کەرسەکانی لە ژێر دەسەڵاتی ناوەکەدا دەبن. جگە لە(ناو) بەشەکانی تری ئاخاوتنیش دەتوانن ڕۆڵی سەرە ببینن لە گرێی ناویدا

نمونە: گوێزی هەورەمان بەناوبانگە.

منداڵی برسی هەرگیز سەرما لەلەشی دەرناچێ.

یارمەتی دانی هەژاران کارێکی پیرۆزە.

ئێمەی چیایی لە بەفر دروست ناکراوین

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

گرێی ناوی لە ڕووی ڕۆنانەوە چەند جورێکی هەیە لەوانە:

گرێی ناوی ←
- گرێی ناوی سادە
- گرێی ناوی لێکدراو
- گرێی ناوی ئاڵۆز

ا: گرێی ناوی ساد: ئەم گرێیانە دەگرێتەوە کە لەسەرەیەک (کەرەسەیەک)یان لە لەسەرەیەک دیار خەرێک یان چەند دیارخەرێک پێکدێت. گرێی ناوی سادەش (٢) جۆری هەیە لەوانە:

گری ناوی سادەی ←
- ١- گرێی ناوی سادەی ناوک
- ٢- فراوان گرێی ناوی سادەی فراوانکراو

١- گرێی ناوی سادەی ناوک: ئەو گریانە دەگرێتەوە کە تەنها لە سەرەیەک پێکدێ لە زمانی کوردیدا ئەو سەرەیەش(ناو یان جێناوە ناوک(سەرە)ی گرێیەکەیە وەکو:

ئێمە ڕۆیشتین. (ئێمە) گرێی ناوی سەرە (جێناوە)

نووستن خۆشە. (نووستن) گرێی ناوی سەرە (چاوگە)

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

٢- گرێی ناوی سادەی فراوانکراو :ئەو گرێیەی ئەو گرێیانە دەگرێتەوە کە لەسەرەیەک وە دیارخەرێک یان لەسەرەیەک وچەند دیارخەرێک پێکدێت دیارخەرەکانیشیان دەکەونە پێش سەرەیا دوای سەرە.

وەک: ا- دیارخەری پێش سەرە(بێ ئامراز):

لەم جۆرە گرێیانە دیارخەرەکان بەبێ ئامراز دەکەونە پێش سەرە. ئەو کەرسانەی کە دەوری دیارخەر دەبینن و دەکەونە پێش سەرە بریتین لە( مۆرفیمی هەر، تەنیا، جێناوی نیشانە، ژمارە مۆرفیمی چەندێتی، مۆرفیمی نەفی، ئاوەڵناوی پلەی باڵا، نازناو وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| هەر قوتابییەک دەرچووە . | مۆرفیمی(هەر) جەختکردنەوەیە |
| تەنیا کتێبێک بکڕە . | مۆرفیمی تەنیا جەختکردنەوەیە. |
| چەند کچێک لێرە بوون. | مۆرفیمی پرسە |
| هیچ کەس ئامادە نەبوو. | هیچ مۆرفیمی نەرێیە |
| دکتۆر ئەحمەد دامەزرا | نازناوە |
| جوانترین گوڵم هەڵبژاردووە | ئاوەڵنای پلەی باڵا |
| ئەو منداڵە لاواز بووە | جێناوی نیشانەیە |
| هەندێک کتێبم کڕیوە | مۆرفیمی ڕادە هەندێک |
| حاجی نەوزاد لە کۆلیژی ئێمەیە | نازناوە |
| دوو ژنی هێناوە | مۆرفیمی ژمارەیە |

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

ب- دیارخەری دوای سەرە بە ئامراز:ئەم جۆرە گرێیە لەبڵاوترین جۆری گرێی ناوییە لە زمانی کوردیدا لە دیارخەرێک یان زیاتر دەکەونە دوای سەرە بە یارمەتی ئامرازی خستنە سەری(ی، ە) ئەوە دەبێت

لەگرێی ناویدا ئەودیارخەرانەی دوای سەرە دەکەون بریتین لە(ناو،ئاوەڵناو،چاوگ، جێناو، پارستە)

بۆنمونە: ناو--------کراسەکەی نەسرین ئاورِیشمە.

ئاوەڵناو --------منداڵی جوان خۆشەویستە.

چاوگ-------- ئاڵای سەرکەوتنیان بەرز کردەوە.

جێناو---------ماڵەکەی ئێمە سووتاوە.

پارِستە--------- ئەو منداڵەی کە لێرە خەوتووە خوشکمە.

نموونە بۆ ئامرازی خستنەسەری(ی ،ە) وەکو:

منداڵە جوانەکە خۆشەویستە

(ە) سەرەیە (ەکە) دیارخەرە کە دەیکەینە (ناسراو)

منداڵە جوانە قژ زەردە چاو کاڵەکە خۆشەویستە.

(ە) سەرە (ە) دیارخەر (ە) دیارخەر (کە) دیارخەر

تێبینی: بە لێکدانی هەردوو جۆری دیارخەری پێش سەرە دیارخەری دوای سەرە دەتوانی گرێی ناوی فراوان بکرێ وەکو

ئەم دوو قوتابییە زیرەکانەی ئێوە.

ئەو هەموو گوڵە جوانانەی تۆ.

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

ب- گرێی ناوی لێکدراو: ئەم جۆرەیان لە دوو گرێی سادە یان زیاتر پێکدێ بە یارمەتی مۆرفیمی( و) و(لەگەڵ)لێکدەدرێن وەک :

ئازاد و نەوزاد هاورِێن

١ گرێی ناوی---- گرێی ناوی ٢

گرێی ناوی لێکدراو

نموونە: من لەگەڵ  تۆ دەچم

١گرێی ناوی--- گرێی ناوی ٢

گرێی ناوی لێکدراو

جگە لەمانەش دەتوانین ئەو گرێیە ناوییە سادانە فراوان بکەین وبە ئامرازەکانی(و ،لەگەڵ) لێکیان بنێن وەک: ئەو هەموو ڕێزە زۆر  و   ئەم پێشوازییە گەرمانە وایان لێ کردم بمێنمەوە

١گرێی ناوی------------- گرێی ناوی ٢

گرێی ناوی لێکدراو

سایە و ساوین  لەگەڵ  هاوڕێکەیان لە ئاپارتمان دەژین

١گرێی ناوی  --------- گرێی ناوی ٢

گرێی ناوی لێکدراو

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

ج- گرێی ناوی ئاڵۆز: ئەم جۆرە گرێیە دەگرێتەوە کە زیاتر لە لێکدانەوە و بۆچوونێکی هەیە واتە تەمومژێەک لە نێوان کەرەسەکانی گرێیەکەو ڕۆنانەکەی پەیدا دەبێ کە وای لێدەکات چەند لێکدانەوەیەک بۆ گرێیەکە بکرێت.بە گشتیش هەردوو ئامرازی(و، ی) بەیەکەوە بەشداری لە دروستکردنی ئەم گرێیە دەکەن بۆ نموونە: لە یەکەی لەم ڕستانەی خوارەوە دەتوانێت دوو ڕستەیە سایە دوو ڕستە گرێ جیا بکرێتەوە

سایە و ساوینی خوشکم هاتن

(سایە و ساوێن)ی خوشکم هاتن  سایە و(ساوێنی) خوشکم هاتن

پیاو و وەژنی گەنج و پیریان باگکردبوو

(پیاو وژنی) گەنج و پیریان بانگکردبوو  پیاو و (ژنی گەنج وپیر)یان بانگکردبوو

دیارخەرەکان بریتین لە خوشک، گەنج و پیر)دوو لێکدانەوە هەڵدەگرن جارێکیان بۆ هەموو ناوەکان دەگەڕێتەوە جارێکیش بۆ کۆتا ناو دەگەڕێتەوە

٢- **گرێی کاری:** بە پێکهێنەری سەرەکی ڕستە دادەنرێت چونکە لەناو ڕستەدا بە خورتییە وە ناتوانرێ لاببرێت لە سادەترین ڕۆناندا لە کارێک پێک دێت کارەکەش لە ڕووی ڕۆنانەوە نا سادەیەکە تیایدا ڕەگی کار مۆرفیمێکی مۆرفیمێکی تەوەرییە (سەرەکییە) مۆرفیمی کات وجێناوی لکاویش مۆرفیمی (بەندن) وبە دوای ڕەگی کارەوە دێن.دوو جۆر گرێی کاری هەن.

١- **گرێی کاری سادەی ناوک:** دەبێ لەم بەشانە پێک هاتبێت (**ڕەگی کار+م. کات +جێناوی لکاو** ) بە پێی جۆری کارەکە لە ڕووی هێزەوە(تێپەڕ و تێنەپەڕ، ژمارەی مۆفیمی کات و جێناو و لکاوەکان دەگۆڕێن بۆ نموونە: لەگەڵ

**کاری تێپەڕ** (ڕابردوو) دەم نووسی -------- دە + م + نووس + ی + ٠

م.بەردەوامی ج.لکاوە(بکەرە) ڕەگی کارە م.کات ج.لکاوە(بەرکارە)

نموونەیەکی تر: **دەم هێنا**-------- (دە + م + هێن + ا + ٠

م.بەردەوامی ج.لکاوە(بکەرە) ڕەگی کارە م.کات ج.لکاوە(بەرکارە)

ڕانەبردوو : **دەنووسم**--------- دە + ٠ + نووس + ٠ + م

م.بەردەوامی ج.لکاوە(بەرکارە) ڕەگی کارە م.کات ج.لکاوە(بکەرە)

نموونەی تر: **دەهێنم**---------- دە + ٠ + هێن + ٠ + م

م.بەردەوامی ج.لکاوە(بەرکارە) ڕەگی کارە م.کات ج.لکاوە(بکەرە)

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

**تێبینی:** لە گرێی کاریدا ئەگەر کارەکە(تێنەپەڕ و تێپەڕ)بوولە کاتی(ڕابردوو(بەردەوامی)، ڕانەبردوو ( دوو مۆرفیمی کات) و(دوو جێناو)وەردەگرێت.

کاری تێنەپەڕ: ڕابردوو: **دەهاتم** ------- دە+ ها + ت + م

م.بەردەوامی ڕەگی کارە م.کات ج.لکاوە(بکەرە)

ڕانەبردوو: **دەهێنم/ دێم** ------------ دە + هێ + ٠ + م

م.بەردەوامی ڕەگی کارە م.کات ج.لکاوە(بکەرە)

ڕابردوو: **دەچووم**---------دە + چ+ وو + م ڕانەبردوو :**دەچم**---- دە + چ + ٠ + م

م.بەردەوامی ڕەگی کارە م.کات ج.لکاوە(بکەرە) م.بەردەوامی ڕەگی کارە م.کات ج.لکاوە(بکەرە)

ب- گرێی کاری فراوانکراو : ئەو گرێ کارییانە دەگرێتەوە کە دەکرێت بە زیادکردنی (گرێی بەند ،گرێی ئاوڵناوی،دیارخەر،ئاوەڵکار..... هتد فراوان بکرێت وە ببنە بەشێک لە گرێی کارییەکە ئەم فراوان کردنەش بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر پێدانی زانیاری زیاترە بە گوێگر وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئێستا دەڕۆین

منداڵەکەم سێوەکەی زوو خوارد

دایکت هێشتا خەوتووە.


کرێکارەکە زۆر بەخراپی کار دەکات.

نەوزاد جانتایەکەی لە ژێرکورسییەکە دانا.

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

٣- گرێی ئاوەڵناوی :ئەم گرێیانە دەگرێتەوە کە سەرەکی دەبێت ئاوڵناو بێت کە سەرەکەی دەبێت ئاوڵناو بێت گرێی ئاوڵناوی لە ڕووی ڕۆنانەوە سادەیە وەکوو گرێی ناوی فراوان ناکرێت بەڵام هەندێک جار زۆر بە کەمی فراوان دەکرێت ئەویش بە یارمەتی هەندێک ڕادەی(چەندیەتی)کە دەکەونە پێش ئاوڵناوەکە فراوان دەکرێ وەکوو ڕادە( هەندێک،کەمێک، نەختێک ،زۆر، قیچێک......... هتد

بۆ نموونە: ئۆتۆمبێلەکە کۆنە ئۆتۆمبێلەکە (نیهادە) کۆنە(گوزارەیە)



نموونەی گرێی ئاوڵناوی فراوانکراو بە بە یارمەتی ڕادە:

قوتابییەکە کەمێک شارەزایە.

کچێکی زۆر ئازا و وریایە.

ئوتومبێلەکەیەکجار کۆنە .

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

٤- گرێی بەند: ئەو گرێیانە دەگرێتەوە کە یارمەتی یەکێک لە ئامرازەکانی پەیوەندی(بە،بۆ،لە) دروست دەبێت واتا کاتی ئەم ئامرازە پەیوەندییانە دەچنە سەر ناوێک یان گرێیەکی ناوی ئەوە گرێیەکی بەند پێکدەهێنن. لەم جۆرە گرێیانە دا ئامرازەکان دەبنە(سەرە)و کەرەسەکانی تردەبنە (دیارخەر) واتە ئامرازە پەیوەندییەکە بڕیاری دەدات کە چ جۆرە دیارخەرێک لە ڕۆنانەکەدا هەبێت چونکە ڕۆنانەکە بەیەکەوە( ئامراز+ دیارخەر) باسی (کات ،شوێن، ئامێر،مەبەست ،هۆکار ...هتد دەکات بۆ نموونە:

دەرگاکەم بە کلیل کردەوە.

وەستاکە ئاوی لە بۆیاغەکە کرد.

گوڵەکەم لە باخەکەدا ڕواند.

دەرمانەکەم بۆ نەخۆشخانە بردەوە.

هەواڵەکەی بە ئێمە گەیاند.

دارەکەی لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهێنا.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

٥-گرێی ئاوڵکاری لەم جۆرە گرێیانەدا دەبێت سەرە ئاوڵکار بێ بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەی ئاوڵکارانی ناو فەرهەنگی زمانەکەمان بە ئامادەکراوی هەن زۆر کەمن وەک(هەمیشە،هەرگیز،هێشتا،دیسان،خۆزگە ڕەنگە،لەوانەیە،لێرە...هتد )بۆیە سوود لە گرێیەکانی (ناوی ئاوەڵناوی بەند ...هتد

وەردەگیرێ کە لە ناو ڕستەدا ڕلی ئاوڵگوزارە دەبینن وەکو:

هێشتا باران دەبارێت.

ئێمە دیسان گەڕاینەوە .

قوتابییەکان لێرە دەخوێنن .

کوڕەکە بەیانی زوو ڕۆیشت.

منداڵەکە بە پەلە هات